# وەلامدانەوە بە داواکانی خەڵك، نەك تەقەکردن و سەرکوت، چارەسەری کێشەکان دەکات!

ئەمڕۆ دەربەندیخانیش پەیوەست بو بە قافڵەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستانەوە لەپێناو دابینکردنی هەمان خواستی خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان لە ئاوو کارەباو بەنزین. شایانی ئاماژەپێکردنە کە ئاسایشی یەکێتی نیتشمانی، دیسان تەقەیان لەخۆپیشاندەران کردو لەم نێوەدا 10 کەس برینداروە یەکێك لە بریندارەکان لە باریکی خەتەردایەو گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی. ئەم خۆپیشاندانەی خەڵکی دەربەندیخان لە هەلومەرجێکدا دەچێتە پێشەوە کە خەڵکی ناڕازی شاری چەمچەمال لە درێژەی خۆپیشاندانی دوێنیانداو بەمەبەستی ئیدانەکردنی ڕەوشی سەرکوتگەرانەی دەسەلاتەکەی یەکیتی نیشتمانی وئیدانەکردنی پەلاماردانی خۆپیشاندانی خەلك و کوشتنی هاوولاتیان ودەستگیرکردنی خۆپیشاندەران، ئەمرۆ دەستیان دایەوە خۆپیشاندان بۆ ئازادکردنی گیراوەکان ولێپیچینەوە لە ئاسایش وسووربوونیان لەسەر بەدەستهینانی خۆاستی دابینکردنی ئاو کارەباو بەنزین.

بەلام لەبەرامبەر ئەم بارووٚدخەدا دەزگاکانی ئاسایشی یەکیتی نیشتمانی وەك پیشەی هەموو کاتەیان وبەپیچەوانەی هەرجۆرە ئیدعایەك سەبارەت بەبوونی ئازادی و ریزگرتن لەخواستی بەهەرهەقی خەلکی کریکارو زەحمەتکیشی کوردستان، لەئیوارەی دوێنیوە لەشارەکانی سلیمانی و چەمچەمال و کفری دەستیان داوەتە پەلاماردانی فراوانی خەلك و تائیستا نزیك بە 30 کەسی بەتۆمەتی سازدانی خۆپیشاندان و بەرێخستنی نارەزایەتیەکان دەستگیرکردووە و راپیچی سەرکوتخانەکانی ئاسایشی ئەم شارانە کراون کە لە نێویاندا ژمارەیەکی زۆر لە کادران و ڕابەرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیان تێدایە و تەنانەت ژورنالیسنتەکانیش بەر ئەم ڕەش بگیریە کەوتن وچەندین کەسی تریش هەلهاتوون و کەوتونەتە حالەتی خۆ حەشاردانەوە.

خەلك خواست و دواکاری هەیە، بە تەقەکردن و زیندانیکردن و ڕەش بگیری و هەلکوتینە سەرمالاّن نە وەلامدەدرێتەوە، نە دەتوانێت وەلامێك بێت بۆ یەکێتی نیشتمانی. پرسیار ئەوەیە تەقەکردن هەتا کەی؟! خوێنرشتنی لاوانی کوردستان هەتاکەی؟! زیندانیکردن و ڕەشبگیری هەتا کەی؟! وەلامی ئەم پرسیارانە پێویستە یەکێتی نیشتمانی بیداتەوە. بەڵام ڕۆشنە کە ناتوانێت هەموو ناڕازیانی کوردستان قەتل و عام بکات یان بریندار بکات یان زیندانی بکات. بۆیە ڕیگای دروست ئەوەیە کە یەکێتی نیشتمانی واز لەمەنتقی سەرکوت و تەقەکردن بهێنێت و بێتە سەرمەنتقی وەلاّمدانەوە بە داواکانی خەڵك و گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی ڕاستەقینەی توێژو بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان. ئەم ڕیگایە، بارێکی تەندروست بۆ خەڵکی کوردستان پێش دەهێنیت و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی لەکوردستاندا دەخاتە بارێکی گونجاوەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بەتەواوی تواناوە لەریزی پیشەوەی ئەم خەبات و نارەزایەتییانەی خەلکی کوردستان راوەستاەوە و بەوپەری تواناوە بۆبەدەستهینانی خۆاستەکانی خەلك وبەسەرکەوتن گەیاندنی نارەزایەتییەکانیان تیدەکۆشی، هاوکات هەرجۆرە هەولیکی سەرکوتگەرانە وپەلاماردانی خەلك لەلایەن هەرهێزو دەزگایەکەوەبێت ئیدانە دەکات و داوادەکات کەدەسەلاتداران لەم شیوازە سەرکوتگەریانە دەست هەلگرن و ئازادی خوپیشاندان و نارەزایەتی دەربرین بۆ خەلك بسەلیمینن، ودەستبەجی سەرجەم گیراوەکان ئازاد بکەن..

**ریکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق**

2008/8/7